سەرۆک وەزیران خەڵاتی کەمەرەکی پاڵەوانی وەرزشی دەکات

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی ئەوارەی ئەمە شممە پەشوازی کرد لە کەمەرەکی پاڵەوانی وەرزشی کە 27 مەدالیای جەراوجەریان لە پاڵەوانێتی جیهانی بەرزکردنەوەی کێش لە سعودیە و خولی یارییەکانی ئاسیا لە چین لەگەڵ خولی یارییەکانی پارالیمپی ئاسیا-یان بەدەست هێنا.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیران لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند:"لە سەرەتای چاو پێکەوتنەکەدا سودانی پیرۆزبایی لە وەرزشوانان و ستافی هاهێنان کرد بە ئەو دەستکەوتەی کە ناوی عێراقی بەرزکردەوە لە کەبەندە وەرزشییە نەودەوەتییەکاندا و جێختی لەوە کردەوە کە سەرکەوتنیان سەرکەوتنەکە بە هەموو عێراقییەکان".

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران ئاماژەی بەوە کرد کە کەرتی وەرزشی لە یەکەم ڕۆژەوە لە پلان و بەرنامەکانی حکومەتدا ئامادەبووە، لەبەرئەوەی ئەمە دنیایین لە بوونی لێهاتوویی و بەهرەکان کە توانای پێشخستنی ناوی عێراقیان هەیە لە ڕێگەی وەرزشەوە کە تیایدا هەموو توخمەکانی هێز و سەرکەوتن لێخە دەگرێت و جێختیشی کردەوە کە زنجیرەیەک بەیار و ڕووشوێن گیراوەتەبەر بە پشتیوانیکردنی لیژنەی

ئۆلمپی و فیدراسیۆنەکان و هەموو دەستپەشخەریەکی پێوەندیدار بە وەرزشەوە، جگە لە چارەسەرکردنی کێشە و ئاستەنگیە دارایی و یاساییەکان.

سودانی ئاماژەی بۆدا کە حکومەت جدیە لە پشتیوانیکردنی وەرزش و پشتیوانی دارایی ڕوونی تەرخانکردووە بە لیژنەی ئۆلمپی لە بودجەی سە ساڵدا کە هیوادارین بە شێوەیەکی دروست وەبەرهێنان بکرێت و جێختی لێوە کردەوە کە ئەو لەگەڵ هەر دەستپەشخەریەکدایە کە پشتگیری لە وەرزش بکات لە یاریە جەراوجەرەکانی تیم و تاکەکەسیدا.

هەروەها جێختی کردەوە لەسەر پێویستی دانانی پلان و ئامانج و بەرنامەکان بە بەدەستهێنانی مەدالیاکانی ئۆلمپیاد و لە هەمان کاتدا ستایشی ئەو دەستکەوتانەی کرد کە پاڵەوانەکانی لیژنەی پارالیمپیاد لە یاریەکانی ئاسیا بەدەستیان هێناوە و سەرچاوەی شانازیین.

سەرکی ئەنجومەنی وەزیران، هەریەک لە وەزیری وەرزش و لاوان و ئاوەژکارانی سەرکی ئەنجومەنی وەزیران بە کاروباری وەرزشی ڕاسپارد پلانێک ئامادە بکەن بە دەستنیشانکردنی ئەو شوێنانەی کە دەتوانرێت دەستکەوتیان تێدا بەدەست بهێنرێت، و بکرێتە ئامانجێک بە ئەوەی لە ماوەی دوو یان سێ ساڵدا کاری لەسەر بکرێت بە دروستکردنی پاڵەوانێک و جێختیشی کردەوە لەسەر ئەوەی کە چاکسازی لە کەرتی وەرزشیدا یەکەکە لە لایەنەکانی پشتیوانی و کەرتی تایبەت دەتوانێت بچێتە ناو پشتیوانیکردنی وەرزشەوە و پێویستە یانەکان و فیدراسیۆنەکان بەسەر بەربەستەکاندا زاڵبن و بەشداری بکەن لە بەرەوپێشبردنی وەرزشی عێراق.